


# بووژانەوەی کەلەپووری



حەکیم مەلا ساڵح
(هەڵەبجە)

ئەوەندەی من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سۆراخم کردبێت، گەلێ بەیاز و کەشکۆڵی پڕ لە شیعرم دەست کەوت، زۆرێکی دیکەش مابوون، بەڵام وەک میراتێ، بنەماڵەکان ڕێگەیان نەدەدا دەستیان بۆ ببرێ، یان کۆپی بکرێن.

ئەم سامانە بە نرخە کە باوانمان و دایانمان بۆیان بە جێ هێشتووین، مایەی ئەوەن کە بە هەر نرخێ بووە لە بنکەیەکدا کۆ بکرێنەوە و خەڵکانی خۆی کاریان لەسەر بکەن، کە ئەمەش دەبێتە خزمەتێکی گەورە بە بواری ڕووناکبیریمان و دەبێتە مایەی ئەوەی:

١- ساڵانە قوتابییانی زانکۆ بۆ تێزەکانیان سوودی لێوەرگرن.
٢- کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند دەبێ.
٣- زۆر شیعریان تێدایە بۆ گۆرانی گونجاون.
٤- هەموویان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەرهەم دەهێنن.
٥- مێژووی ئەدەبیمان درەخشانتر دەبێ.
٦- گەلێ شیعری بە عەرەبی، یان بە فارسی نووسراویان تێدایە کە وەک زمان بەرهەمی ئێمە نین، بەڵام کورد نووسیونی و خاوەنیانین.

زۆرێک لەو بەیاز و کەشکۆڵانە:

١- مێژوویان لەسەرە.
٢- مۆری شاعیر، یان بەیازەوانەکەی لەسەرە.
٣- زۆرینەیان بە خەتی نەستەعلیق، یان شکستە نووسراون کە خەڵکی شارەزا سەر لە خوێندنەوەیان دەردەکات و دەتوانێ بە باشی بیانبووژێنێتەوە، بەڵام هەندێ جار دەبینم کە هەڵەوپەڵەیەکی زۆر، یان دانانی نوقتە نوقتە، خوێنەر بێزار دەکەن.

ئەم سامانە بەنرخە کاتی خۆی زۆرێکیان لێ براوەتە بەغدا و ئێستا پێویستە بگەڕێنرێنەوە کوردستان، ئەمەش کاری دەسەڵاتە سیاسییەکەمانە کە لە هەولێری پایتەختدا جێگەیەکیان بۆ دیاری بکات، یان لە موزەی هەمان شاردا جێگیریان بکەن.